# گۆرانكاریەك لە نێو دوو جەنگدا

کوردی

پێویست ناکات باسی درندەیی سەدام و ڕژێمی عێراق بکەینەوە چونکە زۆرمان باس کرد و زۆر باش تێگەیشتووین، بەڵام لەم ڕووداوانەی دوایی چەند پرسیارێکم بۆ دروست بوو هێوادارم سیاسەت مەدارێک چ کورد چ بێگانە وەڵامم بداتەوە.

شتێکی بەڵگە نەویستە سەدام ئەفسەرێکی پێنتاگۆنی ئەمەریکیە وەکو داشی دامە فەرمانەکانی ئەمریکا جێ بەجێ دەکات وە هەرکاتێکیش کاریان پێ نەمینێت ئەوا لای ئەبەن وەک شای گۆر بە گۆری ئێران.

درووست بوونی سەدام گەورەترین سوودی بۆ وولاتە شیوعیەکان و سەرمایەدارەکان هەبوو بەڵام کێ زیاتر سوودی وەرگرت؟ ئەمە پرسیارێ یەکەمە.

بێگومان لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت ئەمریکا ترسێکی گەورەی هەبوو لە کشانی دەسەڵاتی سور بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، حیزبی شیوعی لە ئێران و عێراق زۆر بەهێز بوون. نێوان ئێران و سوڤیەت وولاتێکی شوعی هەبوو کە ئەفغانستان بوو، کاتێک شوعیەت لە ئەفغانستان سەرکەوت کە هەندەی نەمابوو سور لە ئێرانیش سەر بکەوێ ترسێکی گەورەی دا بە ئەمریکا چونکە سۆڤیەت زیاتر ئەکشا، چونکە دەسەڵاتی سور سنور و سنور ئەکشا ئەگەر لە ئێرانیش شیوعیەت سەرکەوتبا ئەوا بێ گومان عێراقیش ئەبوو بە شیوعی.

بەڵام زیرەکایەتی ئەمریکا لەوە بوو بەربەستێکی درووست کرد لە نێوان عێراق و سۆڤیەت ئەویش هێنانی دەسەلاتێکی ئیسلامی لە ئێران تاوەکو سنور بگرێت لە سۆڤیەت. ئەویش بە دامەزراندنی ئەفسەرێکی تری پێنتاگۆن کە ئیمامی خومەینی بوو. بەلێ خومەینی بۆ لەم سەردەمە هاتە سەر حوکم. کەی ئێران بیرو باوەری ئیسلامی تێدا مابوو یاخود لە ئەفغانستان.

ڕوون و ئاشکرایە گەورەترین چەک دژی کۆمەنیست ئیسلامە، وە گەورەترین چەکیش کە دژی ئیسلام بێت کۆمەنیستە. هەربۆیە ئەمریکا چەند ئەفسەرێکی ئیسلامی سەربەخۆیان خزاندە ناو ئەفغانستان و ئێران تاوەکو ڕێگا لە شوعیەکان بگرێت و نەتوانن بپەڕنەوە بۆ ناوچەی عێراق و سوریا و لوبنان و ...هتد

لە جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت کە تەرازوەکە بەلای سەرمایەداری ئەمریکا کەوت، ئەوە بوو سۆڤیەت هەلوەشایەوە بوو بەچەند پارچەیەک وە ئەو چەکەی کە ئەمریکای پێ ئەترساند پەرەوازە بوو.

بە ڕووخاندی سۆڤیەت ئەمریکا پێویستی بە ئیسلامیەکان نەما بۆیە لە ناو بردنی دووژمنی دووەمی کە ئەفغانستان، ئێران و عێراق بوو دەستی پێ کرد.

کە هەر سێکیان سەر بە هێزەکەی ئەمریکا بوون و لەوانەشە ئێستاش هەر ئەفسەریان بن.

ئوسامە لادن ئێستا لەوانەیە بۆ پشوو لە باڵەخانەی پێنتاگۆن بێت چونکە بەرنامەکانی ئەمریکای جێ بە جێ کرد و کاری تەواو بوو، لە دواڕۆژیشە ئەچێت بۆ دوورگەیەکی ئەمریکا بەڵام لەوانەیە هەروەک شای گۆر بەگۆر لەم دوورگەیەش دەربکرێت.

www.kurdistannet.org

ئیمرۆ نۆرەی سەدامە: سەدامیش کە هاتە سەر حوکم بۆ چەند مەبەستێک، بۆ جێ بە جێ کردنی شەری ئێران و عێراق تاوەکو چەکە کۆنەکان ساغ بکاتەوە هەروەها لە ناوبردنی بیرو هۆشی هەردوو میللەت لەگەڵ بەربەست درووست کردن لە بەردەم لەشکری سۆڤیەت، هەروەها شوعیەکانی دەرەوەش سوودێکیان وەرگرت ئەویش چەکەکانیان ئەفرۆشتە سەدام. چین و سوڤیەت لە ژێر درووشمی مرۆڤایەتی گەورەترین بازرگانی کرین و فرۆشتنی چەکیان لەگەڵ عێراق ئەکرد،

هەروەها جێ بە جێ کردنی بەرنامەیەکی تری ئەمریکا کە بە سەدام کرا ئەویش گرتنی کوێت بوو تاوەکو ئەمریکا ژێرخانی سوعدیەو کەنداووی عەرەبی لە ژێر بێنێت لەگەڵ خزمەت کردنی ئیسرائیل. ئیمرۆ ئەمریکا ئەیوێت سەدامیش وەک ئوسامە بباتە شوێنێکی ئاسایش لە یەکێک لە دوورگەکانی خۆی تاوەکو بەرنامەی سێیەم دەست پێ بکات ئەویش ئێرانە.

ئەمانەی سەروە کە باسم کرد بۆچوونی خۆمە لەوانەشە هەزاران کەس هەمان ئەم بۆچوونەی منی هەبێ. بەلام پرسیارەکەم لەمەی خوارەوەیە:

سەدام بە وویستی کورد درووست نەبوو هەربۆیە شەری سەختی نێوان کورد و عێراق ڕووی دا، پێوویستە دان بەوە دابنێن ئێمە شەری عێراقمان پێ نەکرا ئەگەر چی لە هەردوو شۆرش قوربانیەکی یەکجار زۆرمان داو پێشمەرگەش قارەمانانە بەرامبەر گەورەترین چەکی وولاتە پێشکەوتووەکان ڕاوەستا، بەلام چەکی کورد لە ئاستی چەکی سەدام خۆی نەگرت هەربۆیە هەرسمان هێنا لە هەردوو شۆرش، کەوابوو بە دەستی کورد سەدام لە ناونەچوو.

کاتێک سەدام کوێتی گرت ئەمریکا ڕایگەیاند لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەبێ لەشکری سەدام بکشێتەوە، ئەم ڕاگەیاندنەی ئەمریکا زۆربەی زۆری وولاتەکان پشگیریان لێ کرد، چونکە ئەمریکا ڕای نەگەیاند کە سەدام لە ناوئەبات بەلکو تەنها مەبەستی لە کشانەوەی عێراق بوو لە کوێت.

بەلام پاش ١٢ ساڵ ئەمریکا ڕایگەیاند دەبێ سەدام لە ناوبچێ کەچی ئەم جارە هیچ وولاتێک پشگیری لێ ناکەن هەر هەموویان ئەلێن ئێمە دژی شەرین ئەی بۆ سالی ١٩٩١ کەس دژی شەر نەبوو. بەلام چ گۆرانکاریەک ڕوویداوە لە سەدام کە ئێستا خەلک بلێن ئێمە دژی شەرین. سەدام هەر سەدامی پێشووە خۆ ئێستا خوا هیدایەتی نەداوە، سەدام هەر سەدامی ئەنفال چیە خۆ ئێستا نەبۆتە مرۆڤ دۆست.

بۆچی رووسیا، فەرنسا، ئەلمانیا، چین...هتد پشتیوانی لە سەدام ئەکەن، بۆچی وولاتە عەرەبیەکان ئیمرۆ خۆپێشاندان ئەکەن لە دژی ئەم شەرە یان هەندێ حیزبی بچوک ئیمرۆ لە دژی ئەم شەرەن.

**چەند بەراوردێکی ڕژێمی عێراق لە کۆن لەگەڵ ئێستا:**

لە شەری کەنداو هەموو کەسێ ئەزانێ کە لەشکری سەدام چەند بەهێز بوو هەروەها چەند چەکی کوشندەی هەبوو تەنانەت ئیسرائیل دەمامکی دژ بە کیمیاوی دابەش کرد بەسەر هاوولاتی. هەموو کەس چاوەروانی ئەمە بوو کە شەڕەکە بە قورسایەکی یەکجار زۆر کۆتایی بێت، کەچی خەلک پشتیوانی لەم شەرەی ئەکرد، کورد بە حیسابی خۆی کە سەدام لە ناوئەچێ،

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

هەروەها وولاّتەکانی تریش بە حیسابی خۆیان کە سەدام زیاتر چەک ئەکرێ بەلێ ئەمە ڕاستی بوو.

بەلاّم ئیمرۆ سەدام لەشکرەکەی بێ توانایە و کەس بڕوای بە سەدام نەماوە و کەس شەری بۆ ناکات هەروەها ئەم چەکە بەهێزانەشی نەماوە ئەی ئێستا بۆ کەس پشتیوانی لەم شەرە ناکات. بەلێ فەرەنسا، چین، رووس زیانیانە ئەگەر سەدام بروات کێ چەکیان لێ ئەکرێت. وولاّتە عەرەبیەکان کە هەر هەموویان دیکتاتۆرن کە سەدام ڕەگەکەیانە ئەگەر بنبڕ بکرێت ئەوا دیکتاتۆریەتی ئەوانیش ئەبرێتەوە بۆیە مانەوەی سەدام هێشتنەوەی دیکتاتۆریەتە بە وولاّتە عەرەبیەکان، هەروەها ئێرانیش ترسی لێ هاتووە چونکە ئەبێ بە بەرنامەی داهاتوو.

ئێمەی کورد کە سەدام بە وویستی خۆمان نەمان هێنا وە نەمان توانی لەناویشی بەرین ئەی بۆچی ئێستا دژی ئەمریکا بین کە سەدام لابەرێت، بەرژەوەندی کورد دەبێ لەچی هەبێ کە سەدام لە سەر دەسەلات بێت. چەند شتێکی زەق هەیە با خۆمانی لێ لانەدەیەن یەکێتی و پارتی بەو چەکەی کە هەیانە شەری ڕووخانی سەدامیان پێ ناکرێت، وە هیچ وولاّتێک چەکی قورس نافرۆشێتە کورد. وە حیزبەکانی تریش کە چەکدار نین بە خۆپێشاندان سەدامیان پێ لەناوناچێ، چونکە سەدام ئەو هێزە نیە بە خۆپێشاندان لەناوبچێت و وولاّت بە جێ بێلێت، ئەمە ڕاستیە ئیتر درووشمی دژ بەشەر مانای چیە لەم ساتانە کە سەدام لە بەرنامەی لەناوچوون دایە. کە ئەمریکا سەدامی درووست کرد با هەر خۆشی لای بەرێت.

هەندێ کەس ئەلێن ئەمریکا بە تەمایە عێراق داگیر بکات بۆیە ئێمە دژی ئەم شەرەیەن، نەخێر ئەمە ڕاستی نیە چونکە ئەمریکاو بەریتانیا ئەمە چەند مانگێکە بانگەواز ئەکەن کە هەموو وولاّتەکان بەشدار بن لەم شەرە. ئەگەر ئەم وولاّتانە بەشدار بن لە شەری ئەمریکا و بەریتانیا ناتوانن عێراق داگیر بکەن، ئەگەر ئەمریکا شارێک بگرێت و داهاتی بەرێت چۆن وولاّتەکانی تر رازی ئەبن

بەلاّم ئەگەر ئەم وولاّتانە بەشداری ئەم شەڕە نەکەن ئەوا لە دوارۆژە ئەمریکا دەسەلاتی یەکەمی ئەبێ لە ناوچەی ڕۆژهەلاّت.

بەلاّم بۆ کوردستانێک کە چەند سەدەیەکە ئەنالێنین لە ژێر دەستی تورک، عەرەب و فارس کە هەتا ئێستا سەربەخۆیی خۆمان وەرنەگرتووە، ئەگەر هەر بابەت بابەتی داگیر کردن بێت کام داگیرکەر باشترە، منیش ئەزانم داگیرکەر هەر داگیرکەرە بەلاّم ئەمریکاو بەریتانیا داگیرمان بکەن زۆر باشترە نەوەک ئەم داگیرکەرانە.

ئایا، ئەگەر ئێمە هەر لەژێر دەستی بەریتانیا باین بە درێژای ئەم سەدە و شۆرشمان بکردبا ئایا بەریتانیا زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەسی لێ ئەنفال ئەکردین.

ڕاستە داگیرکەرانی بەریتانیا و ئەمریکا کاتی خۆی خەلکانیان بە کۆیلە کردووە بەلاّم سەردەمیان گۆراوە لە پاش شەری ڤێتنام ئەمریکا شەری کوشندەی پێ ناکرێت، ئەگەر ئەمریکا ئێستا ئێمە داگیر بکات ئەوا لە دوارۆژا رزگارکردنمان زۆر ئاسان ترە لە بەر ئەوە ئەو چەکەی کە ئەمریکا هەیەتی ناتوانێ بەکاری بهێنێت بەلاّم دووژمنەکانی ترمان هەر چەکێکیان هەبێ بێ گومان لەسەرمان بەکارئەهێنن، ئیتر ئەمە پرسیارە ئەی کەم کام داگیر کەر باشترە؟ بۆچی دژی

لەناوچوونی سەدامن؟ ئایا چاوەروانی ئەوەن سەدام بە مردنی ئاسایی خۆی بمرێت و کێشەکان خۆی چارەسەر ببێ؟

چاوەڕوانی وەڵامم....... .

kurdy30@lycos.co.uk

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسێتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت